www.kurdistannet.org
17-8-2003 0:18

# پەیوەندی ئەمەریکی _ کوردی و روانگەیەکی واقعبینانە

**کامەران مەنتك**
kamaranmantik@yahoo.co.Uk

ئەمەریکا، وەکو هێزێکی گەورەی ئەم گۆی زەویە، هەر لە چاو تروکانێکدا نەهاتۆتە کوردستان، بەڵکو ماوەیەکی زۆرە چاوی بریوەتە ئەو ناوچەیەو لە ستراتیژیەتی خۆی داناوەو کاری بۆ دەکات. بە واتایەکی تر، ئەم هاتنە ناوەوەی ئەمەریکا بۆ رۆژهەلآتی ناوین بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی، پێشینەیەکی مێژوویی هەیەو کارێکی زۆری بۆ کراوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم میسینێرە ئەمەریکاییەکان بە پانایی و بەرینی کوردستان بلآو ببونەوەو تەراتێنیان دەکرد. هەولیان دەدا لەم رێگایەوە جێ پێی خۆیان لە کوردستان بکەنەوە. کوژرانی یەکێك لەو میسیبنێرانە یان کرد بە بیانگەی ئەوەی چەند کونسولخانەیەك لە باکوری کوردستان بکەنەوە. لەم کارەشیاندا سەرکەوتنیان وەدەست هێنا. دواتریش لە رێگەی گرێبەندی پرۆژەی هێلی ئاسنەوە ویستسان لە چالە نەوتیەکانی کوردستان نزیك ببنەوە. ئەو جیاوکانەی چیستەر لە دەیەکی یەکەمی سەدەی بیستەم وەدەستی هێنا، ئەگەرچی لە رووی کرداریەوە بێ ئەنجام بوو، وەلێ لە بواری دیپلۆماسیەوە سەکەوتنێکی گەورە بوو. بە دوو سالێش بەر لە دایسانی جەنگی جیهانی یەکەم مۆرگان چۆستەر چالاکیەکی زۆری لە نێو کوردەکانی رۆژهەلآتی کوردستان نواند. دوای جەنگیش بە بیانگەی کوشتاری ئاسوریەکانەوە لیژنەیەکیان بە ناوی لیژنەی ئاشتیەوە ناردە رۆژهەلآتی کوردستان. ئەم لیژنەیەش توانی چەند جیاوکێکی نەوت لە چالە نەوتەکانی قەسری شیرین و چەند ناوچەیەکی تری رۆژهەلآتی کوردستان وەدەست بێنێ.

ئەوەی چاوێك بەسەر ململانێی سەر نەوتی کوردستان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بخشێنی، بە دەیان نامەو بەلگەنامەی گرنگی بەرچاو دەکەوێت کە لە نێوان وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاو بەریتانیادا ئالوگۆرکراوە. لە کۆتایی ئەم ململانێیەدا ئەمەریکاییەکان توانیان لە رێگای رێکەوتنامەی هێلی سوورەوە بەشێکی زۆر لە بەرژەوەندیە نەوتیەکانیان لە کوردستان مسۆگەر بکەن. کە ئەمەش رۆلێکی گەورەی بینی لە دانپیانانی دەولەتی عیراق بەم شێوەیەی ئێستای لە لایەن کۆمەلەی گەلانەوە. بە هەمان چەشن ئەمەریکاییەکان بەرانبەر کردنەوەی جێ پێی خۆیان لە نزیك سنوورەکانی سۆڤیەت، دەستیان بەسەری تورکە هاوپەیمانەکانیان داهێناو چاویان لەو رەشەکوژی و بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی پۆشی کە تورکە کەمالیستەکان بەرامبەر دەرسیمیەکان بە کاریان هێنا. لە جەنگی جیهانی دوەمیشدا، ئەمەریکاییەکان رۆلێکی یەکجار نێگەتیڤانەیان بینی لە بەهێز کردنەوەی حکومەتی دا تەپیوی ئێران و روخاندنی کۆماری ساوای مەهاباد. هەروەك چۆن دوای ئەوەش رۆلێکی هەمان شێوەیان هەبوو لە شکت پێهێنان و لە ناوبردنی شۆرشی ئەیلول.

ئەم هەلوێستە نێگەتیڤانەی ئەمەریکاییەکان بەرانبەر دۆزی کورد، متمانەی ئەمەریکاییەکانی لای کورد زۆر لاواز کرد، بگرە دەتوانین بلێین هەر نەیهێشت. بەلآم دوای شەری کەنداوی دوەم، پاش ئەوەوی گۆرانێکی بنەرەتی بەسەر هاوسەنگی هێزەکان و پەیوەندیە نێودەولەتیەکان داهات. بەرانبەر ئەمەش، کورد دوچاری جینۆسایدو ئەنفال بوەوەو ئافرەتەکانی لە لایەن رژێمی بەعسەوە وەکو کەنیزەك فرۆشرایە ولآتە عەرەبی و ئیسلامیەکانەوە. . . و هەرەشەیەکی جدی کرایە سەر مانەوەی کورد وەکو نەتەوەیەك. . جۆرە نزیك بوونەوەیەك لە نێوان بەرژەوندی کوردو ئەمەریکا لە باشوری کوردستان بێتە ئارا. بەلآم ئەمجارەیان راشکاوانەو ئاشکراترو جیاواز لە شێوازو جۆری پەیوەندیەکانی پێشتر. ئەم پەیوەندیەش تاوەکو رۆژگاری ئەمرۆ بەردەوامە. بەلآم بە ئاستی جیا جیا. بۆ وێنە پەیوەندیەکە جۆرە گۆرانێکی تیا بەدی دەکرێت لە نێوان ماوەی بەر لە روخانی رژێمی سەدام و دوای روخانی رژێمی سەدام. ئەم گۆرانەش لە راستیدا زەنگی مەترسیەو جێگای هەلوەستە کردنە. . .

کورد بەدرێژایی ئەو ماوەیەی دەسەلآتی سیاسی لە دەست خۆیدایە، هەولێداوە لەو پەیوەندیەدا سوود لە رابردووی خۆی وەرگرێ. بۆیە هەمیشە بە گومانەوە لەو پەیوەندیەی روانیوە و زیلتر لە جاران جەختی لەسەر زەمانات کردۆتەوە، وەلێ سەرباری ئەمەش، ئەگەر بە

روکەشیش بێت، ئەو پەیوەندیە لە ماوەی بەر لە روخانیرژێمی سەدام جۆرە پتەوی و تۆکمەییەکی ئاشکراتری پێوە دیارە، وا دێتە بەرچاو ئەمەریکا لەو ماوەیەدا زێتر حیسابی بۆ کورد کردبێت، لە ماوەی دوای رووخانی رژێمی سەدام. .

دوای یانزەی سیپتمبر، هەروەك چۆن هەموو پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان گۆرانی بەسەر داهات، پەیوەندی نیوان کوردو ئەمەریکاش پێی نایە قۆناغێکی ترەوە. شوێنی جیۆستراتیژی کوردستانیش رۆڵی گرنگی لەمەدا بینی، کە دەکەوتە چەقی میحوەری بەرەی تیرۆرستانی رۆژهەلأت (عیراق – ئیران – ئەفانستان) . دیارە کورد بە درێژایی رۆژهەلأتی ناوین، تاکە گەل بوو کە بەم چەشنەو راشکاوانە، نەك بە تەنیا وەکو دەسەلأتی سیاسی، بەڵکو وەکو زۆرینەی هەرە زۆی گەل پشتیوانی لە ئەمەریکا بکا. هۆی ئەمەش ئەوەبوو کورد بە درێژایی خەباتی خۆی لە پشتیوانی و یارمەتیدانی دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامیەکان هێوی بر ببوو !!! ئەم جۆرە پەیوەندیە نوێیەش وایکرد کورد لە گەمەی سیاسی رۆژهەلأتی ناویندا، رۆڵێکی گرنگ وازی بکات وبۆ ماوەی زێتر لە دوازدە ساڵ هاوسەنگی هێزەکان لەو ناوچەیەدا راگرێت، هەروەك کورد بە شێوەیەکی راستەوخۆ بوو بە بەشێك لە هێزی دژە تیرۆرو، بۆیە بەشداریەکی کاریگەرو چالاکانەیلە روخانی رژێمی سەدام کرد.

کە ئەم روخانەش واتای بە کۆتا هاتنی قۆناغێکی تاریك بوو لە پەیوەندیە ناوچەییو نێو دەوڵەتیەکاندا. . .

کەچی هەر دوای رووخانی رژێمی سەدام دەبینین پەیوەندی کوردو ئەمەریکا رووبەرووی جۆرە ئالۆزیەك بۆتەوە، یاخود بەلایەنی کەم جۆرە تەم و مژو ناروونیەك لە هەڵوێستی ئەمەریکاییەکان بەرانبەر کورد دەبینرێ !!! کە ئەگەر ئەمە جارێك مەترسی بۆ سەر ئەزموونی کورد هەبێت، بە دەیان جار مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا هەیە، نەك بە تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو دنیادا. . . نەمانی متمانە بۆ هێزێك کە دەیەوێ سیبستەمێکی نوێی جیهانی بسەپێنێ وسەر لە نوێ نەخشەی سیاسی جیهان دابرێژێتەوە، چارەنوسێکی دژوارو خەتەرناك بە خۆوە دەگرێ !!! دەبێ ئەمەریکاییەکان ئەو راستەقینەیە باش بزانن، کە پەیوەندی ئەمەریکی – کوردی

لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەی ئەزموونی ئازادی کوردستاندا، جۆرە سەربەخۆیی تایبەتمەندیەکی پێوە لکاوە، کە جیاوازە لەگەڵ پەیوەندی ئەمەریکاییەکان لەگەڵ هێزەکانی تری ناوچەکە بە گشتی و هێزەکانی تری عیراقی عەرەبی بە تایبەتی. . . راستە عیراق بەر لە شەری کەنداوی دووەم دەوڵەتێك بوە خاوەنی سەروەری خۆی ورەنگ بێت هاوپەیمانێکی نزیکی ئەمەریکاش بوو بێت !!! بەلأم دوای ئەوە وەك هەموو گۆرانەکانی تر، عیراق گۆرانی بەسەر داهات و بوو بە دوو لەتەوە، کوردستان کە پێشتر بە زۆرو بە شێوەیەکی ناسروشتی بە عیراقەوە لکێنرابوو، کەوتە بەرەی شەری دژە تیرۆر، بەشەکەی تر، کە دەکاتە عیراقی عەرەبی، بوو بە میحوەری سەرەکی تیرۆرستان. ئەمەش ئەو لەیەکترازانە روحی و کەلتووری و رۆشنبیریەی قووڵتر کردەوە، کە لە نێوان ئەو دوو بەشەی ئەو ولأتەدا هەبوو، کە بە عیراق ناوزەد دەکرا !!!

ئەمەریکاییەکان لە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کورد دا، ئەگەر بە راگەیاندن و بەو زەقیەش نەبووبێت، ئەوا بە شێوەیەکی فعلی وەکو قەوارەیەکی تازە لە دایك بووی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ کردوە، ئەم جورە مامەلەیە شێوازێکی ژیانی وای لە کوردستان هێناوەتە بەرهەم کەنەك هەر لەبەشەکانی تری دەولەتی عیراق جیابیت بەلکو لەهەموو دەولەتەکانی دەوروبەرو سەرتاپای رۆژهەلاتی ناوین جیابیت ! ئەمرۆ عەقلیەتی تاکی کورد گورانێکی وای بەسەر داهاتووە، کەجاریکی تر ناتوانری وەکو بەر لە راپەرین مامەلەی لەگەل بکریت !!! دۆزی کوردیش گەیشتۆتە ئاستێکی پیشکەوتنیوا کە هەولدان بۆ گەراندنەوە دواوەی نەك هەر خزمەتی بەرژەوندیەکانی ئەمەریکا ناکات بگرە هەرەشە لە ئاستی سەرجەم رۆژهەلاتی ناوین و دنیاشدا دەکات.

ئەمەریکاییەکان دوای یەکگرتنەوەی پەرلەمانی کوردستان بە شێوەیەکی رەسمی لەسەر زمانی وەزیری دەرەوەیان پیروزباییان لە کورد کرد، کە دیارە ئەمەشیان لەبواری دیبلۆماسی وپەیوەندیە نێو دەولەتیەکانەوە مەغزاو واتای تایبەتی خۆی دەگەیەنێ، سەرباری ئەمەش بەر لە دایسیانی جەنگ دژی سەدام کورد رشکاوانەو بێپیچ وپەنا هیزەکانی خۆی وەك بەشێك لە هیزی هاوپەیمانان و قەوارەی سیاسی کوردیش وەك بەشێك لە قەوارەی هاوپەیمانەکان راگەیاند، بەبێ گویدانە ئەو هەرەشەو مەترسیانەی کە لە لایەن هێزی ناوچەییە دواکەوتوەکانی بەم ناوچە دوچاری دەبوەوە.

سەرئەنجامیش دیار بوو کەوا کورد چ لەلایەنی زانیاری و هەواڵگری، چ لەلایەن سەربازی، چ لەلایەنیجیوستراتیژی، رۆلێکی دیارو بەرچاوی لەروخانی رژێمی سەدام دابینی.

بوونی کورد بە بەشێك لە هێزی هاوپەیمانەکان لەم کاتە ناسکەدا مەترسی یەکجارگەورەی بۆ سەر کورد بوو، ئەگەر رووداوەکان بەم شێوەیەی روویاندا وانەکەوتبوانەوە ئەوا مێژووبە سەرەرۆییکی سیاسی بۆ سەرکردەکانی کورد دەنوسی. کوردیش دووچاری مالوێرانیەکی گەورە دەبوو، هاوکات بوونی کوردستانیش بە بەرەیەکی واگرنگیجەنگ کە روو بەرووی جۆرەها چەکی کیمیاوی و بایولوژی ببوەوە، روو بەرووی دۆژمنێکی درندەی وەکو سەدام کە پیشتر جورەها چەکی دژ بەکارهێنابوو، دەبی حیسابێکی تایبەتی خۆی بۆ بکریت، کورد پێویستە دوای ئەو شەرە وەکو بەشێك لە هاوپەیمانەکان وهێزی سەرکەتووی شەر سەیر بکرێت کە دیارە هێزی سەرکەوتووش دەبی لە دەستکەوتەکانی شەر بی بەش نەکرێت. تاکە دەسکەوتی گرنگیش بۆ کورد لەم شەرەدا سەربەخۆییەکەی و هیشتنەوە وپەرەپیدانی قەوارە سیاسیەکەیەتی، نابێت کورد وەك داشێکی دامە بە کاربهێنرێ و هەر کە کاریان پێی نەما، فتی بکەن، چونکە نە گەلی کورد گەلێگی هێندە مردووە ئەمەی بۆ هەزم بکرێت، نە جیوستراتیژیکوردستانیش هێندە چرووکە کە گرنگی و بایەخی خۆی لەدەست بدات ! ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری تر، وا دەکات نەتوانری رۆلی کورد لەململانێی نێو دەولەتی و ناوچەیی لەسەر ئەم هەرێمدا کەم بکرێتەوە.

بەرانبەر ئەو ئەرکانەی سەر ولاتەیەکگرتوەکان و هێزە هاوپەیمانەکانیش لەسەر سەرکردایەتی کورد پێویستە زیتر بایەخبە هێزی گەل و گرنگی شوێنی کوردستان بدەن، ئەم هۆکارانە کاریگەریکی ئیجابیانەیان لەسەر ئیرادەی سیاسی کوردی هەبێت ! هەرگیز لە گۆشەیەکی تەسك و کەمتواناییەوە نەروانن قۆناغی ئەمروی خەباتی گەلەکەمان، پێویستە هەلویستەکان وەکو خۆی، واتە وەك ئەوەی هەیە بۆ ئەمەریکایەکان روون بکەنەوە، نەك وەك ئەوەی ئەمەریکاییەکان بە هۆی غروری سەرکەوتنەوە دەیبینن ئەو سەرکەوتنەی کە وەك ئاماژەی پێکرا کورد رۆلی دیاری تیادابینیوە.

لەراستیدا هەر لەگەل بە کۆتاهاتنی رژێمی سەدام، ئەمریکاییەکان خەریکە بە باشی لە ئەرکەکانی قۆناغەکەیان ناگەن وەك پێویستە لە گرنگی وبایەخی پەیوەندی ئەمریکی کوردی ناگەن، بەلایەنی کەم وا دێتە بەرچاو، کە ئەوانیش لە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کورددا، خەریکە ئەو جورئەتە سیاسیە لە دەست دەدەن کە بەر لە رووخانی سەدام مامەڵیان پیّ لەگەڵ کورد دەکرد، یاخود دوای ئەو سەرکەوتنە وا خەریکە بەرانبەر دۆست و هاوپەیمانەکانیشیان، هەر بە زمانی هێز قسە دەکەن، کورد دەزانیّ و ئەو راستەقینەیەش لای هیچ کەس و هیچ ولاتێك شاراوە نیە، کەوا ئەمەریکا ئەمرۆ زەبەلاحێکی گەورەی سەر گۆرەپانی نێو دەولّەتیەو چۆنی گەرەك بێت وادەکات ! کورد دەزانیّ ئەوان خاوەنی بەهێزترین سوپاو باشترین چەکی سەردەمن ودەولّەتە زلهێزەکان ناتوانن کۆسپ لەبەردەم بەرژەوەندیەکانیان دروست بکەن، جا چ جای نەتەوەیەکی ستەمدیدەی وەکو کورد !!! کە دوای سەدان سالّ لە چەوسانەوە ئەم هەلەی بۆ هاتۆتە پێشەوە. . . بەلاّم دەبێت ئەمەریکاییەکانیش ئەو راستەقینەیە با ش بزانن دۆستێکی تری وەکو کوردیان، کە بە گولّ پێشوازیان لێبکات، نەك هەر لە رۆژهەلاّتی ناوین، بەلّکو لە هەموو دنیادا دەست ناکەوێت. لە هیچ شوێنێکی تری ئەم دنیایەدا سەربازی ئەمەریکی ناتوانیّ بێترس و بیّ چەك بروا بەرێوە ! کەچی لە کوردستان زۆرینەی گەل پاسەوانیان لێدەکات !!!

نەمانی ئەو دۆستایەتی و هاوپەیمانیەتیە، کەس نکولّی لەوە ناکات کە زیانی بۆ کورد هەیە ! بەلاّم نابێت ئەوەش فەرامۆش بکریّ کە رەنگ بێت زیانی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا زێتر بێت ! ئەو هەلس و کەوتانەی ئەمرۆ لە کوردستان، واتە دوای نەمانی سەدام و رژێمەکەی ئەنجامی دەدا، واتە ئەو جۆرە حیساب نەکردنە بۆ ئیرادەی سیاسی گەلی کورد، وا دەکات کە کوردستان بۆ ئەمەریکاییەکان، ئەو بەهەشتە ئارام و سەقامگیرەی ئێستا نەمێنێتەوە. . . دەبیّ ئەمەریکاییەکان دەرك بەوە بکەن کە لە ماوەی ئەو دوازدە سالّەی ئەزموونی قەوارەی سیاسی کورد، کە ئەگەچی لایەنی دزێوی و سیمای شەری ناوەخۆو براکوژی پێوە لکاوە، بەلام هێندەش چۆتە پێشەوە، کە وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، گەلانی دەوروبەری بە رادەیەکی زۆر جێهێشتوە. تەنانەت زۆر لەو گەلانەی کە زێتر لە هەشتا سالّە خاوەنی قەوارەی سیاسی و دەولّەتی سەربەخۆی خۆیانن، نەیانتوانیوە بگەنە ئەو ئاستەی کەوا کورد لەو ماوە کەمەدا پێی گەیشتوە. ئەمرۆ مرۆڤی کورد زۆر ئازادانە تر

تێکەڵ بە تەکنەلۆژیای سەردەم بوەو ئاگاداری گۆڕانکاریەکانی دنیایە. بۆیە هەوڵدان بۆ کۆسپ خستنە بەردەم ئەم پێشکەوتنەو روانین لە دۆزی کورد، وەك بەشێکی جیا نەکراوە لە عیراق، ئەو عیراقەی لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بە ئاگرو ئاسن کەوتۆتە گیانی، تاوانێکە یەکەمین جار بەرانبەر بە خودی ئەو پرەنسیپانەی کە ئەمەریکاییەکان خۆیان هەڵیانگرتووە لە بە دیموکراتیزە کردن و مافەکانی مرۆڤ، ئنجا بەرانبەر بە ئەزموونی کورد، کەوا چەندین ملوێن مرۆڤی کورد بە هیواوە چاویان تێبریوە، ئەویش بە گەشبینیەوە بەرەو ئاسۆیەکی گەش و گەشتر هەنگاو دەنێت. . .

ئەمەریکاییەکان، دەبێ ئەو راستەقینەیە بزانن کە ئەو جۆرە مامەڵە کردنەیان لەگەڵ دۆزی کورد، زێتر زیان بە بەرژەوەندیەکانی ئەوان دەگەیەنێت، کورد چەندین ساڵە بێ پشت و پەنا، لە چیا سەر کەشەکانەوە بەرگری لە مانەوەی خۆی دەکات، جۆرەها چەکیشی دژ بە کارهاتوە، هەر لە بۆمبی قورس و ناپاڵم، تا دەگاتە چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی. . . ئامادەشە درێژە بەو بەرەنگاربوونەوەیە بدات، بەلام لەو بروایەدانیم گەلی ئەمەریکی ئامادەیی ئەوەی تیا بێت روو بەرووی ئەزموونیکی تری وەك ڤێتنام ببێتەوە. . .

بۆیە پەیوەندیەکانیکوردی – ئەمەریکی، لە قۆناغی دوای سەدامدا، پێویستە بەرەو قۆناغێکی باشترو پێگەیشتووتر هەنگاو بنێت. ئەگەر ئەمەریکاییەکان دەروازەیەك بن بۆ ئەوەی کورد تیایدا تێکەڵ بە شارستانیەتی پێشکەوتووی رۆژئاوا ببێت، کە بە درێژایی سەدەی بیستەم و رۆژگاری نوێ ئاواتی بووە و خەونی پێوە بینیوە، ئەوا کوردستانیش بۆ ئەمەریکاییە کان ئەو دەروازەیە کە پڕبە لوتی خۆیان بۆنی نەوتی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی لێ بکەن وگرینگترین پێگەی جیو ستراتیژیان لە ئاسیاو رۆژهەلات بەگشتی بەدەست بکەوێت. کوردستان بۆ ئەمەریکیە کان چەقی ئەوبازنەیە، کە لەوێوە دەتوانن، ئو گۆڕانە سیاسیە بەسەر نەخشەی ناوچە کە و جیهان دابێنن، کە مەدەنیەتی نوێ وسیستەمی نوێی جیهان گەرەکیەتی. بۆیە لەسەر ئەمەریکایە کەزێتر حسێب بۆ ڕای گشتی کوردی بکات. جەریئانە تر ڕێزی ئیرادەی سیاسی کوردی بگرێت. لەسەر ئاستی داموودەزگاکان وحکومەتێکی سەربەخۆی کوردی مامەڵە لەگەڵ کورد بکات و بەجدی یارمەتی سەرکردایەتی بزاڤی کورد بدات بۆ پتەوکردنی ئەو نیمچە دەوڵە تە کوردیەی لە باشوری کوردستان دامەزراوە. ئەو پیرۆزبایەی کەبۆ پەرلەمانی کوردستانیان نارد، ببێتە سەرە تایەك بۆ پەیوەندیەکی دۆستانەی پتەو لەنێوان پەرلەمانی ئەمەریکی ( (ئەنجومەنی پیران ـ ئەنجومەنی نوێنەران) ) وپەرلەمانی کوردستان. ڕەنگ بێت ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان دوچاری کەموو کورتیەك هاتبێت، وەکو ناواخن و ئەندام پێویست بە گۆڕان بکات، بەلاّم وەکو داموو دەزگا، ئەوا پەرلەمان داموو دەزگایەکی نەتەوەیی کوردە و ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستگۆیانەی نەك ئیرادەی بەتەنیاکوردی باشوری کوردستانە، بەڵکو ئیرادەی تێکرای میللەتی کوردە.

ئەمڕۆ ئەمەریکا، کەخۆی لەبەغدا وەکو دەسەلاّتێکی داگیرکەر بڕیار دەردەکات، گرفتەکە لێرە دا کورد هەرگیز وەکو دەسەلاتێکی داگیرکەر ناتوانێ سەیری ئەمریکیەکان بکات، چونکە ئەگەر ئەم دەستەواژەیە بۆ ناوچەکانی تری عیراق لەبارو گونجاوبێت، ئەوا بۆ کوردستان هەرگیزلەبارو گونجاو نیە، چونکە بەر لە ڕوخانی ڕژێم وکەوتنە دەستی جڵەوی دەسەلات عیراق بۆ ئەمریکیەکان، کوردستان ئازاد بوە و پەرلەمان وحکومەت خۆی هەبووە، وەکو قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ بۆتە بەشێك لە هێزی هاوپەیمانەکان، بۆیە هەرگیز ماقوڵ نیە، بەشێك لە هێزی هاوپەیمانان، وەکو دۆڕاوێکی شەڕبکەوێتە ژێر دەستی هاوپە یمانە کان ومامەڵەی هەمان ئەو بەشەی بۆبکرێ، کە بە تیرۆریست ناوزەدیان کردوە. بۆیە ئەمریکیە کان کاتێك بڕیارێك دەردەکەن پەیوەندی بەکوردستانەوە هەیە، دەبێت ڕێزی ئیرادەی کورد بگرن وڕیگابدرێت ئەوبڕیارە لە پەرلەمانی کوردستان تاوتۆ بکرێت بەرەزامەندی ئەوان وەکودەسەلاتێکی یاسادانانی کوردی، شەرعیەت وەرگرێ. چونکە ئەگەر بڕیارەکان تەنیا ڕەچاوی تانك وزرێپۆش و زمانی هێز بکات. ئەمە زیانێکی گەورە بە پەیوەندی کوردی ـ ئەمریکی دەگە یێنێت، ڕەنگبێت لە دوارۆژێکی نزیکیشدا کاریگەری بەسەر خودی مانەوەی هاوپەیمانیەتی ئەمریکیەکان لەگەڵ هێزەکانی تر هەبێت.

لەم قۆناغەدا کورد بەچاکی لەگرینگی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمەریکا گەیشتوە،

پێویستە ئەمەریکاییەکانیش، دوای ڕوخانی سەدام (کەنوێنەرایەتی کەلتوری شۆڤێنی هەشتا ساڵەی دەوڵەتی عیراقی دەکرد) لەگرینگی پە یوەندیەکانیان لەگەڵ کورد تێبگەن و سەنگی خۆی بدەنێ. چونکە تێگەیشتنی دروست و راستەقینە لەو پەیوەندیە، کە بایەخێکی لە بن

نەهاتووی بۆ هەردوولا هەیە لەم قۆناغەدا. خزمەتێکی گەورەی بەرژەوەندی هەردوولایان دەکا. لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیەکان وا تێکەڵ یەکتر بووینە، پێویستیان بە مامەڵێکی زیرەکانەو وردبینانە هەیە. . .

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.